### گولدەن ئێرئاسلان:

# پێویستە بە فیلم و بەرهەمی هونەریمان دنیا بێنینە سەر هێڵ بۆ گوێگرتن لە ئازاری کورد



*** سەرەتای کاری هونەریت چۆن بوو؟**

- هەر لەمنداڵییەوە زۆر حەزم لە شانۆ بوو، بۆیە کە گەیشتمە قوتابخانە لەوێ لەسەر شانۆی قوتابخانە رۆڵی سەرەکیم بینی، ئیدی لەو رۆژەوە شانۆ بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی من، حەز و خولیای زۆرم بۆ شانۆ و نواندن هەبوو، هەر لە سەرەتاوە ویستم بە شێوەیەکی ئەکادیمی روو لەو بوارە بکەم. بنەماڵەکەشم بە هۆی ئەوەی دۆستایەتییەکی زۆریان لەگەڵ هونەر هەیە، هەر زوو بە داواکارییەکەم رازی بوون و هاوکار و پاڵپشتم بوون بۆ هێنانەدی خەونەکانم، چونکە تاکە ئاواتی من لە ژیاندا گەیشتن بوو بە دنیای هونەر، بەتایبەت هونەری سینەما، سوپاس بۆ خوا ئەو ئاواتەم هاتەدی و وەك ناوێکی بەرچاو لە ناوچەکەی خۆماندا ناسرام، چونکە من عەشقێکی بێپایانم بۆ هونەر هەیە و بەبێ هونەریش ناژیم.

*** یەکەم دەرکەوتنت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

- لە منداڵییەوە عەشقێکی گەورەم بۆ هونەر هەبوو، تا ئەوکاتەی خۆمم خزاندە نێو ئەو دەریایە و بۆ یەکەم جار لەساڵی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٤ بەشداریم لە فیلمێکی کوردیدا کرد، کە یەکێك بوو لە پڕۆژە هەرە جوانەکانی نێو فیلمی کوردی لە تورکیا و دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو.

*** لە خانەوادەکەتدا بۆ کاری هونەری کەس هاوکاری کردوویت؟**

- بەڵێ، خانەوادەکەم هەمیشە هاوکارییان کردووم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە بنەماڵەکەم گۆرانیبێژ و دەنگبێژن، بۆیە بەردەوام لە ماڵی ئێمە دەنگی لاوك و بەستەی کوردی دەهات.

*** وەك کچە هونەرمەندێك زیاتر گوێ لە کێ دەگری؟**

- بێگومان گوێگرتن لە هونەرمەندە نەمرەکان بۆ هەموو هونەرمەندێك زۆر

**گولدەن ئێرئاسلان لە بنەماڵەیەکی بەهرەدار کە بەردەوام لاوك و سترانی رەسەنی کوردی میوانی دیوەخان و کۆڕ و کۆبوونەوەکانیان بووە، چاوی بەدونیا هەڵێناوە، بەشێکی زۆر لە خێزانەکەی دەنگبێژ و سترانبێژن، بەڵام گولدەن ئێرئاسلان بە پێچەوانەی ئەوان رووی لە جیهانی نواندن و سینەما کرد. ئێستا کچە ئەکتەرێکی دیاری باکووری کوردستانە و لەگەڵ خێزانەکەی لە ئامەد دەژی. لەم گفتوگۆیەدا وەڵامی چەند پرسیارێك سەبارەت بە کار و ژیانی هونەریی خۆی دەداتەوە.**

پێویستە، منیش گوێ لە زۆربەی هونەرمەندە کوردەکان دەگرم بەتایبەتی هونەرمەندی گەورە ئەحمەد کایا.

*** ئەی گۆرانی کێ دەڵێیتەوە؟**

- گۆرانی زۆربەی هونەرمەندە نەمرەکان دەڵێمەوە، هەروەها گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانیش زۆر دەڵێمەوە و گرنگییان پێ دەدەم، چونکە فۆلکلۆرییەکان بناخەی هونەری کوردی و هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتنی هونەرن.

*** لە کام پارچەی کوردستان رەوشی هونەر باشترە؟**

- ئاشکرایە لە ساڵانی رابردوودا هونەری کوردی پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، من پێموایە هەرچەندە باکووری کوردستان بە مەنزڵگەی هونەر و گۆرانی و دەنگبێژی دادەنرێ، بەڵام بەهۆی بارودۆخی شەڕ و نائارامیی چەند ساڵی رابردووی باکووری کوردستانەوە ئەو بوارە تەواو لاواز بووە، رەوشی هونەری لە ئامەد باش نییە، لەبەر شەڕ و ئاژاوە هونەر لەم دەڤەرە لاواز بووە، ئێستا زۆر بە کەمی کاری هونەری لێرە دەکرێ، ئەمەش هونەرمەندانی باکووری کوردستانی پەرتەوازە کردووە.

*** لە سینەما، یان لە گۆرانیدا زیاتر خۆت دەبینیتەوە؟**

- من بەر لەوەی روو لە سینەما بکەم و هەر لە منداڵییەوە عاشقی گۆرانیوتن بووم و بە بڕوای من هەر کەسێك متمانەی بەخۆی هەبێت، سەرکەوتووە، منیش سەرکەوتووم لە بوارەکەمدا، خەونی من ئەوەیە، بە فیلم و بەرهەمە هونەرییەکانمان دنیا بێنینە سەر هێل بۆ گوێگرتن لە ئازاری کورد.

*** ئایا بۆ بەشداریکردن لە کارێکی نواندن هیچ مەرجێکت هەیە؟**

- بێگومان هەر رۆڵێك پێشکەشم بکرێت سنووری دیاریکراوی هەیە، بەڵام پێویستە ئەو کارە لەگەڵ نەریتی کوردیدا یەکتر بگرێتەوە و خزمەت بە هونەری کوردی بکات، ئەگەر وابێت ئامادەم بەشداربم، نەك کارێکی ورووژاندن کە بۆ کۆمەڵگەی کوردی نامۆ و ناشیرین بێت و بە ئاسانی پێی قبووڵ نەکرێت.

*** گۆرانییەکانت تەنیا بە شێوەزاری کرمانجی تۆمار کراون، یان بە زمانی تورکیش گۆرانی دەڵێی؟**

- لە ساڵی ٢٠١٥ یەکەم ئەلبوومم بڵاوکراوەتەوە، ئێستاش خۆم ئامادە دەکەم بۆ ئەلبوومێکی دیکە کە لە ١٠ تراك پێکهاتووە، لەوانە حەوت لە گۆرانییەکانی کرمانجین و سێ بەرهەمەکەی دیکەش بە زمانی تورکی گوتوومە، هەروەها گوێگرێکی باشم بۆ گۆرانی سۆرانی و زۆریش حەز بەو شێوەزارە دەکەم، هیوادارم لە ئاییندەدا گۆرانی بە شێوەزاری سۆرانیش بڵێم.

*** ئەو کارە چی بووە کە تۆی زیاتر بە جەماوەر ناساند؟**

- لە کارە هەرە جوانەکانی (ماردین پڕۆدێکشن)، کە ئەوکات من قوتابی بەشی سینەما و شانۆ و دەرهێنان بووم و لەسەر دەستی چەند مامۆستایەکی پڕۆفیشناڵ لەم بوارەدا بەشداریم لە خولێکدا کرد، دواتر وەك ئەکتەرێکی هەرە باش دیارکرام بۆ ئەو فیلمە، پاشان لەگەڵ هونەرمەندی گەورە و شارە جوانەکەی ماردین (بەردان ماردینی) بەشداریم لە زنجیرە درامایەکدا کرد لە ژێر ناونیشانی (ژیان)، ئەو بەرهەمەش لە کەناڵی (TRT KURDI) نیشان درا و هەر ئەو درامایەش بوو منی بە بینەر و جەماوەرەکەم ناساند.

*** تا ئێستا سەردانی هەرێمی کوردستانت کردووە، ئایا هیچ پرۆژەیەکی هونەریت لە هەرێم هەیە ؟**

- لە ماوەی پێشوودا سێ جار سەردانی هەرێمی کوردستانم کردووە و هاتوومەتە هەولێر و بەشداریی چەند پڕۆژەیەکی هونەریم کردووە لە پایتەختی کوردستاندا، ئێستا هیچ کارێکی هونەری و پڕۆژەیەکی نوێم نییە تا جارێکی دی بێمەوە ئەو شارە، بەڵام لە ئاییندەدا سەر لە هەولێر دەدەمەوە.



# (یوسف ناگەڕێتەوە)

## جۆریک تەحەددایە لەبەرامبەر هەژموونی درامای تورکی و ئێرانی و چینی و هیندی



لوقمان غەریب
سیناریست و دەرهێنەر

ناوەندی گاڤ (GAV KURD ART) بۆ کاری تەلەفزیۆنی و سینەمای کوردی لە سلێمانی بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای سکای ئارت و بابیلۆن میدیا ماوەی سێ مانگە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی درامایەکی تەلەفزیۆنین، بە ناوی «یوسف ناگەڕێتەوە». دراماکە لە سیناریۆ و دەرهێنانی بەندەیە و ژمارەیەکی دیار لە هونەرمەندانی شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکووك، گەرمیان، هەڵەبجە، هەورامان و قەڵادزێ) بەشداریی تێدا دەکەن. لەوانە (مستەفا ئەحمەد، عەلی کەریم، فەیسەڵ محەحەد، عەلی ئەحمەد، زاهیر عەبدوڵا، عەلی شێخانی، جەمیل ئەحمەد، سەربەست ئەحمەد، کەمال چالاك، سازگار فواد، شۆڕش قادر، شاناز جەمال، بەهادین هەڵەبجەیی، عوسمان مەعروف، نیاز شەریف، ئیلیان هەورامی، موزەفەر هەولێری) لەگەڵ چەندین ئەکتەری ناودار و ناسراوی دیکە. هەروەها بۆ یەکەم جارە هونەرمەندی دەگۆرانیبێژی ناسراو (لوقمان سەلیم) بەشداری لە کارێکی دراماییی دەکات و لە چەند گرتەیەکدا وەك گۆرانی بێژ رۆڵ دەبینێت. چیرۆکی دراماکە بەسەرهاتێکی کۆمەڵایەتیی سەرنج راکێشە، کە لە نێوان دوو زەمەنی جیاوازدا (رابردوو و ئێستا) روودەدات. ئەوەش لە دووتوێی (١٥ زنجیرە) دا بەشێوەیەکی رەخنەئامێزانە تیشك دەخاتە سەر



چەندین کێشە و ئاریشە و بابەتی جۆراوجۆری دیکەی ناو کۆمەڵگە بەگشتی. ڕووداوەکانی ئەم درامایە بە دەوری کەسایەتیی یوسفدا دەسووڕێنەوە، کە وێڵە بە دوای بەدەستهێنانی شوناس و ناسنامەی خۆیدا. دراماکە ئێستا لە دوا ڕۆژەکانی قۆناخی وێنەگرتندایە و بڕیارە ڕۆژانی داهاتوو قوناغی مۆنتاژ و مێکساژ دەست پێبکات و لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزیشدا پێشکەش بکرێت. درامای (یوسف ناگەڕێتەوە) لە ناوشاری سلێمانی و ناوچەکانی (گڵەزەردە و عەواڵ و بەکرەجۆ و دوکانیان و چالگە) وێنەی گیراوە.

جێی ئاماژەیە ماوەی چوارساڵ زیاترە کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە بزاڤی بەرهەمهێنانی کاری درامای کوردی ڕووی لە سستی و لاوازییەکی بێبەرهەمی کردووە، ئەگەرچی لەو ماوەیەدا ناوەندی (گاف) بە پشتبەستن بەتوانای خۆی و هونەرمەندانی هاوکاری توانیویەتی سێ فیلمی کوردی بە پێز بەبەشداریی زیاتر لە ١٠٠ ئەکتەر بەرهەم بهێنێت و لەشێوەی ئەڵقەدا لە کوردستان تیڤی نمایشی بکات..

بەپێی لێدوانی هونەرمەندانی بەشدار لە درامای (یوسف ناگەڕێتەوە) ئێستا بەهۆی شەپۆلی هاوردەکردن و دۆبلاژکردنی درامای بیانی لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەکان و لەبەر گرنگی نەدان بە هونەری خۆماڵی و زیاتر ڕووکرنە بەرهەمی بیانی، بزاڤی درامای کوردی و بەرهەمهێنانی لەم بوارەدا دوچاری کێشەی گەورە کردووە، لەم ڕووەشەوە لایەنی بەپرس کەمتەرخەمەو پلانی پێویستی بۆ بەدەنگەوەهاتنی کار و بەرهەمەکانی هونەرمەندانی کوردستان نییە.

ئێستادا لە جیهاندا درامای تەلەفزیۆنی بەشێوەیەکی بەرفراوان کاری لەسەر دەکرێت و پانتاییەکی گەورەی شاشەکانی تەلەفزیۆنی داگیر کردووە، هاوکات بۆتە بابەتێکی گرنگ و پێویستیی ڕۆژانەی سەردەمەکە و بینەر و خێزانی بەجۆرێکی کاریگەر خستۆتە ژێرهەژموون و کاریگەریی خۆیەوە. کوردستان لە زۆر ڕووەوە زەمینەیەکی لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی کاری درامای تەلەفزیۆنی، چونکە ژینگە و سرووشت و جوگرافیا و پێکهاتە جۆراوجۆرەکەی و مێژووە پڕ لە ڕووداوەکانی، لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆر لە تەنکیککاران و هونەرمەندی خاوەن ئەزموون و قاڵبوو لە بواری دراما و هونەری نواندا، ماکی ئەوەن کە ببێتە خاوەنی بزاڤێکی گەورە و فراوان لە بەرهەمهینانی درامای کوردی، بەو مەرجەی بە پێی یاسا کاری تەلەفزیۆن و کۆمپانیاکانی میدیا و دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەت و تایبەتمەند بەم بوارە، ڕێکبخرێن و پشتیوانیی بەردەوامی دراماکاران و هونەرمەندان بکرێت. بە گووتەی پسپۆڕان و هونەرمەندان و پەروەردەکاران، لە ئێستادا درامای بیانی و دۆبلاژکردنی بەشێوەیەکی نارێکوپێك، کاریگەریی خراپی کردۆتە سەر کۆمەڵگەی کوردستان و چەندین کێشە و گیروگرفتی بۆ خێزانەکان دروستکردووە، بۆیە پسپۆڕان وای بەباش دەزانن کە دەسەڵات مشووری ئەم بوارە گرنگە بخوات و گرنگییەکەی بەهەند وەربگرێت و بەیاسا تەلەفزیۆنەکان ناچار بکات، لە بری پەخشکردنی درامای بیانی درامای کوردی بەرهەم بێنن و پەخشی بکەن، هاوکات وەزارەتی ڕۆشنبیریش زیاتر بایەخ بەم کەرتە بدات ..

هونەرمەندانی بەشداری ئەم درامایە بەرهەمەکەیان بە جۆرێك لە تەحەددا بەرامبەر هەژموونی درامای (تورکی و ئێرانی و چینی و هیندی) دەزانن، کە ئەگەر لە ڕووی چەندایەتیشەوە هێندە نەبێت، بەڵام لە ڕووی چۆنایەتییەوە بە بەرهەمێکی بە پێز و خوماڵی بایەخداری دەزانن. درامای یوسف ناگەڕێتەوە لەسەر دەستی ستافێك لە گەنجانی چالاك و لەخۆبووردو کاری تەکنیکیی بۆ کراوە، لەوانەش (شوان جەبار- وێنەگر، فەرهاد کوردی -ڕووناکی، سەرمەند ئیسماعیل - دەنگ، پشتیوان ڕەحیم -مونتاژ و میکساژ، نڤار لوقمان -یاریدەدەری دەرهێنەر) وابڕیارە درامایە لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا پەخش بکرێت.

